ژمارە (١٩٤) ساڵی پانزەهەم،
یەک شەممە، ٢٠١٢/١/١٥
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

ئایندە

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات

ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی ملیۆن و نیوێک زیاترە

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانیی سلێمانی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی تاکۆتایی ساڵی ڕابردوو، بریتی بووە لە ١ ملیۆن و ٥٢٠ هەزارو ٦٣ کەس کە ٧٦٠٦٠٩ یان نێر و ٧٥٩٤٥٤ یان مێن .
لەساڵی ٢٠١١ دا لەسنوری پارێزگای سلێمانی ٣٥ هەزارو ١٥ منداڵ لەدایکبوون کە ١٧٨١٧ یان نێرەو ١٧١٩٧شیان مێیە .
هەر لەهەمان ساڵدا ٧ هەزارو ٦٤٥ کەس مردوون کە ٣٥٤٥ یان نێرەو ٤١٠٠ یان مێیە .

لەسەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ڕووداو

کۆمەڵێک ڕێکخراوو کەسایەتی یاداشتێک ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن

ئا: ئایندە.....

دوابەدوای بڵاو بونەوەی هەواڵێک لە ژمارە (١٩١) ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)، ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٢١، کە تیایدا ڕاپۆرتێکی مەترسیدار خراوەتە بەردەم ڕای گشتیو خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە، کە دەڵێت " لە (٢٥) قوتابخانەی کچان لەهەولێر حەب خواردنو ئیمۆ و پەیوەندی سێکسی زۆر بووە"، ئاماژە بەوە دەکات لە کۆی (٥١) قوتابخانەی ئامادەیی کچان لە هەولێر، (٢٥) قوتابخانە ئەو دیاردانەی تێدا لەزیابوونداید .
بۆئیدانەکردنی ئەم دیاردە دزێوە کۆمەڵێک ڕێکخراوو کەسایەتی یاداشتێکیان ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەنو، تیایدا ئەو دیاردە بەزەنگێکی مەترسیدار بۆ تێکچوونی ئاسایشی ئەخلاقیو تەندروستیی هەرێم و بڵاوبونەوەی چەندین نەخۆشی کوشندەو مەرگهێنەرو زۆر بوونی تەنگژەی دەرونی و کێشە کۆمەڵایەتیەکان، کەسەرجەمیان شیرازەی خێزان تێک دەدەنو کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی هاوسەرێتی گەنجان و لاوان، لە داهاتوودا ، بەجێدەهێڵن و بەها بەرزەکانی نەتەوەکەمان، بەرەو داڕمان دەبەن.
لەو یاداشتەدا داوا لەحکومەتو وەزارەتە پەیوەندی دارەکانو پەرلەمان دەکات، کە چارەسەری خێرا بۆئەم جۆرە دیاردە کۆمەڵایەتیانە بدۆزرێتەوەو ئەم ریگەچارانەشی ئاماژە پێداوەکە دەڵێت :
١- پێویستە وەزارەتی پەروەردە دەستبەجێ بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم مەسەلەیەو ڕەهەندە جیاوازەکانی، ئەنجام بدات .
٢- وەزارەتی پەروەردە بەڕێژەی پێویست سەرپەرشتیار و پسپۆری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی لە ناوەندەکانی خوێندندا، دابمەزرێنێت.
٣- وەزارەتی تەندروستی بەدواداچوون بکات بۆ ئەو بنکەو فرۆشیارانەی کە بازرگانی بە (حەب)و مادە هۆشبەرو زیان بەخشەکانەوە دەکەنو سزای سەرپێچیکاران، بدرێت
٤- وەزارەتی ئەوقاف ڕێنمایی بداتە زانایانی ئاینی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە .
٥- پەرلەمانی کوردستان بەپەلە بەدواداچوون بۆجێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی ماددە هۆشبەرەکان بکات و هەموارکردنی پێویستی بۆ ئەنجام بدات.
٦- لایەنە پەیوەندیدارەکان، لێپرسینەوە لە هاوردەکردنی ماددە هۆشبەرو زیانبەخشەکان بکەن کە لەلایەن بازرگانە بێ ویژدانەکانەوە، بەبێ هیچ سانسۆرێک، دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان و جەستەو بیری لاوەکانمان ژەهراوی دەکەن .

هەموار کردنی یاسای کاری ژمارە ٧١ ساڵی ١٩٨٧

بەیان نوری: "پێویستە ئەوئیشانەی کەقورسنو زەرەر بەتەندروستی ئافرەتانو خوڕەوشت ئەگەیەنن، پێیان نەدرێت"

ئا: نوسەیبە ئەردەوان/ سلێمانی.....

پلاتفۆرمی نیشتیمانی بۆ ئافرەتان لە لایەن ژمارەیەک ئافرەتی لە خۆ بردووەوە نوسراوەتەوە کە نوێنەرایەتی فرە جۆری هەرێمیو سیاسیو نەژادی پێکهاتەکانی عێراق دەکەن. کە ئامانجی ئەم پلاتفۆرمە خۆی لە ٤ بواردا دەبینییەوە، ئەوانیش بوارەکانی : (بەتواناکردنی ئافرەتان لە ڕووی ئابوورییەوە، چاودێری تەندروستی، بەشداری سیاسی، بەرنامەی خوێندن)...
سەبارەت بە ئامانجی ئەم پرۆژەیە (بەیان نوری)، ئەندام لە پرۆژەی یاسای کار، بە (ئایندە)ی وت:" ئامانج لەم پرۆژەیە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاریە لەناو ئافرەتاندا، دوای ئەوەی کەئامارەکان دەریان خست ڕێژەی بێکاری لەناو ئافرەتاندا زۆر زیاترە لە ڕێژەی پیاوان، ئێمە وەکو گروپێک دروست بووین لە پێناوی کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە، بۆئەو مەبەستە چەند جارێک دانیشتنمان کردوە لە ٦/١١ دا ئەم گروپە کۆنفرانسێکی سازکرد لە سلێمانی پالاس، کە ئەندامانی پەرلەمانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو چەند شارەزایەک لە بواری ئابورییدا بانگهێشتکرانو، گفتوگۆی کراوە دروست بوو دوای ئەوەی کە ئامارەکان خرانە ڕوو، دواتر چەند سەرنجو پێشنیاری بەشداربووانی کۆنفرانسەکە کۆکرایەوە، پاشان جەختکرا لەسەر باشترین پێشنیار کە ئەنجامی هەبێتو ئاسان بدات بەدەستەوە، بۆمان دەرکەوت کە یەکەمین کار هەموار کردنەوەی یاسای کارە، کە بەرەنجامێکی باشی ئەبێت. بۆ ئەو مەبەستەلە ٢٠١١/٩/١٣ کۆنگرەیەکمان لە هەولێر بەست بە بەشدار بوونی مامۆستایانی زانکۆو ئەندامانی پەرلەمانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، جارێکی تر ئامارو پێشنیارەکان خرانەوە بەردەست، پاشان پرۆژەکە ئامادەکراو لە کۆیدا ئەمانەوی هەمواری تێدا بکرێت پێشکەشمان کردووە بە پەرلەمان، ئەو پرۆژەیە لە بەردەم لیژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیدایە لە پەرلەمان، جگە لەوەی پرۆژەکە دەخرێتە بەردەم سەرجەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە پشتگیری لێ بکرێت"
لە بارەی خاڵە گرنگەکانی ئەم پرۆژەیە، ئەم ئەندام پرۆژەیە وتی:"لە گرنگترین خاڵە گرنگەکان ئەوەیە جیاوازی نەبێت لە نێوان ئافرەتانو پیاوان، ئەوەی سەرنجمان داوە لە هەندێ نوسینگەی بێکاریدا تەنانەت ناوی ئافرەتەکەش هەر تۆمار نەکراوە بەبێکار، هەر ناوی پیاوەکان وەکو بێکار ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش لەلایەک ئەگەڕێتەوە بۆ کەم هۆشیاری ئافرەتان لەناو تۆمار نەکردنیان لە لیستی ئەوەی کە کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، لەلایەکی تریش نوسینگەکان زیاتر هەوڵدەدەن ئیش بۆ پیاوەکان بدۆزرێتەوە، خاڵێکی تر هەرکەسی کاری بۆ دۆزرایەوەو لە کارەکەی ڕازی نەبوو بەکارەکەی مافی ئەفەوتێتو، لە زنجیرەی ناوەکان ناوی ئەسڕیتەوە، جارێکی کە ئەگەر داوابکاتەوە ناوی لە سەرەتاوە تۆمار دەکرێتەوە، ئێمە داوا ئەکەین ئەو کارەی کە گونجاو نەبوو بۆ ئافرەتەکە نابێ مافی بفەوتێت، بەڵکو لە ڕێزبەندی ناوەکاندا بمێنێتەوەو کاری بۆ بکرێت"
وتیشی: "لە خاڵێکی کەدا داوای ئەوە کراوە ئەبی سنورێک دانری بۆ کەسانی بێگانە لە ناو کوردستاندا کەکاردەکەن، زیاتر کرێکارە کوردەکان دابنرین، هەروەها ئەو بنکانەی ئیشی ڕاهێنان دەکەن ئەبێ بەپێی پێداویستی بازار بێتو، ئەو کرێکارەی کە کار ئەکات لە ساڵێکدا ٢٠ ڕۆژ بۆی هەبێت مۆڵەت وەربگرێت، کە تەواو بوو لەهەر بارێکدا داوای مۆڵەتی کرد (بێ کرێ) نەبێت، هەوڵماندراوە گۆڕان لەمەدا بکەینو هەر ئافرەتێک هاوسەرەکەی وەفاتی کرد ١٥ ڕۆژ مۆڵەتی بدرێتو کرێکەشی بدرێتێو نەچێتە سەر ٢٠ ڕۆژەکەی کە مۆڵەتی هەیە .خاڵێکی تر ئەو ئیشانەی کە قورسنو زەرەر ئەگەیەنن بە تەندروستی ئافرەتەکەو خوڕەوشت ئەگەیەنن، پێیان نەدرێت بە هیچ شێوەیەک ئافرەتان بەکاربهێنرێن بۆ بەدڕەوشتی، هەر شتی دەبێتە هۆی تەحەڕوش بە ئافرەتان نەهێڵرێت، لە هەرشوێنی ژمارەی ئافرەتان گەیشتە ٢٥ دایانگایان بۆ بکرێتەوە، ئەو ئافرەتانەی کە منداڵی ئەبێ موچەی نەبڕێت" .

ئاماری ساڵی ٢٠١١ی تووندوتیژییەکانی دژ بە ژنان ڕاگەیەنرا

کوردۆ عومەر: "ئەو ئامارە لە گەڵ ساڵی پار جیاوازی هەیەو ڕێژەی تووندو تیژیەکان لە کەمبوونەوە دایە"

ئا: ڕۆژی.....

بەڕێوبەرایەتی تووندوتیژی دژبەژنان، ئامارەکانی تووندوتیژی دژی ژنان ڕادەگەیەنێت. کوردۆ عومەر بەڕێوبەری بەدواداچونی تووندو تیژیەکان دژی ئافرەتان لەهەریمی کوردستان، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، بەرواری (٢٠١٢/١/١٢) لەشاری هەولێر ئاماری تووندوتیژییەکانی دژ بە ژنانی ساڵی ٢٠١١ی لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم ڕاگەیاند.
لەو ئامارەدا هاتووە کە لەشاری هەولێر ئامارەکان بەم جۆرەبوون، کوشتن (٢٣) حاڵەت وخۆکوشتن (٩)و سووتان (٨٤) حاڵەت و خۆسووتاندن (٣٧) حاڵەت و ئەشکەنجەدان (١٦٨) حاڵەت و (٩٨٣) تۆمارکردنی سکاڵاو (١٨)دەستدرێژی سێکسی تۆمارکراون کەسەرجەمیان (١٣٢٢)حاڵەتە .
هەروەها لەشاری سلێمانیش ساڵی پار کوشتن(٩) حاڵەت و خۆکوشتن (١٩) حاڵەت وسووتان (٨٧) حاڵەت و خۆسووتاندن (٣٧) حاڵەت و دەستدرێژی سێکسی (٧٦) حاڵەت و (٧٢٥) حاڵەتی تۆمارکردنی سکاڵاو (٧٢٠) حاڵەتی ئەشکەنجە تۆمارکراون کەسەرجەمیان (١٦٧٣)حاڵەتە ..
ئاماری شاری دهۆکیش بەم شێوەیە: لەماوەی ساڵی (٢٠١١)کوشتن (٦) حاڵەت خۆکوشتن (١٠) حاڵەت و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن (٩)حاڵەت و(٥١) حاڵەتی خۆسووتان و (٣٤) حاڵەتی سوتان و (٦٥٦) سکاڵا تۆمارکراون و (١٤) حاڵەتی تووندوتیژی سێکسی تۆمارکراون کە سەرجەمیان دەکاتە (٧٧١) حاڵەتە.
لەسنووری ئیدارەی گەرمیانیش، کوشتن (٥)حاڵەت و خۆکوشتن (٦)حاڵەت وسووتان (٢٣)حاڵەت و (٧)حاڵەتی دیکە خۆسووتاندن بووەو (١٠٢)حاڵەتی ئەشکەنجە و (١٧٤)سکاڵا تۆمارکردن و یەک حاڵەتی تووندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە کە سەرجەمیان دەکاتە (٣١٨) حاڵەت.
سەرجەمی ئەو تووندوتیژیانە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەریمی کوردستان دەکاتە ٤٣ کوشتن، ٤٤ خۆکوشتن ٢٢٨ حاڵەتی سووتانو، ١٢٣ خۆسووتاندن ٩٩٠ حاڵەتی ئەشکەنجەدان٢٥٣٨ سکاڵاکردن و١٠٩دەستدرێژی سێکسی.
بەگوێرەی ئاماری ئەو بەڕێوبەرایەتییە لەساڵی (٢٠٠٨) (٢٧٥)حاڵەتو لەساڵی (٢٠٠٩) (٢٤٥) تووندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە تۆمار کراوە.

ئەزمونی ڕۆحی .... سەرەتایەک بۆ کەشفی پێغەمبەرایەتی ل٢
بۆ ئەوەی چاکە لەناوماندا نەفەوتێت ل٣
ژیان: مردن... تەنیایی... پیریەتی ل٤
هەنار چارەسەری شێرپەنجەی سیەکان دەکات ل٧